# خۆپیشاندانی 16 ی گەلاوێژی هێلسینکی فینلەند:

## کوردستانی مانگرتوو

## خرۆشاوو و یەکگرتوو

## لەگەڵتاین، لەگەڵتاین!

ئەمڕۆ یەکشەممە 2005/8/7 (16ی گەلاوێژی 1384 ی هەتاوی) خۆپیشاندانێکی گەورە، کە بۆ پشتگیری لە مانگرتنی گشتی شارەکانی کوردستان، لە لایەن نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات ـ فەنلاند، لە شاری هێلسینکی ڕێکخرابوو، سەرکەوتووانە بەڕێوە چوو.

کاتژمێر 13ی دوانیوەڕۆ ئامادەبووانی خۆپیشاندانەکە لە ناوەندی شاری هێلسینیکی، لە مەیدانی (کۆڵمێن سێپەن ئاوکیۆ) کۆبوونەوە و ئەم ناوەیان بە باندرۆڵی سووری بە خەتی درشت نووسراو ڕازاندەوە، کە بە زمانەکانی ئینگلیزی، فەنلاندی، کوردی و فارسی نووسرابوون. بەپێی بانگەوازی پێشوی خۆپیشاندانەکە بەڵێن وابوو کە، خۆپیشاندانێکی وەستاومان هەبێت، بەڵام لەسەر داوا و بڕیاری کۆبوونەوەی گشتی ئامادەبووان، بڕیار درا،کە بە شەقامە سەرەکیەکانی ناوەندی شاردا خۆپیشاندان بکەین و بچینە بەردەم سەفارەتی ڕژیمی ئیسلامی ئێران. لە شوێنی کۆبوونەوەی خۆپیشاندەران، پەیام و بانگەوازی مانگرتنی گشتی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە زمانەکانی ئینگلیزی و فەنلاندی خوێندرایەوە. هەروەها هاوڕێ سۆران زەکی، کە بەڕێوەبەری بەرنامەکە بوو، بە زمانی فینلەندی قسەوباسێکی پێشکەش کرد. خەڵکی فینلەندی و ئاپۆرەی تەماشاچیانی پێشبڕکێ وەرزشیەکانی هێلسینکی، کە لە وڵاتانی جۆراوجۆرەوە هاتبوون، سەرنجیان ئەدایە باندرۆڵەکان و وێنە گەورەکراوەکانی کاک شوانە قادری زیندە یاد، و لەلایەن هاوڕێیانەوە وەڵامی پرسیارەکانیان دەدرایەوە. لە میانەی بەرنامەکەدا چەند خەبەرنیگارێکی فینلەندی ڕیپۆرتاژیان ئامادە کرد و لەوانە خەبەرنگاری ڕۆژنامەی پرتیراژی سویدیزمانی Hufvudstadsbladet سەبارەت بە ئامانج و بیرۆکەی خۆپیشاندانەکەی هێلسینکی و مانگرتنە گشتییەکەی کوردستان، چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ هاوڕێ سۆران زەکی کرد.

ئەو دروشمانەی کە لەسەر باندرۆڵەکان نوسرابوون یان لەلایەن ئامادەبووانەوە دەوترانەوە بریتی بوون لە: "کوردستانی مانگرتوو،خرۆشاوو و یەکگرتوو، لەگەڵتاین، لەگەڵتاین!"،" وا ڕۆژی هاوپشتییە، مانگرتنی گشتییە"، کوردستان ڕاپەڕیوە، دوژمن دڵی تۆقیوە"، "کوردستان خرۆشاوە، دوژمن ورەی نەماوە"، کوردستان لە سەنگەرە، شاری تاران ڕاپەڕە"، کوردستان لە سەنگەرە، شاری تەوریز ڕاپەڕە"، "بژی، بژی بزووتنەوەی کوردستان"، بژی، بژی مانگرتنی کوردستان"، زیندانیانی سیاسی دەبێ ئازاد کرێن"، " داگیرکەران، داگیرکەران، لە کوردستان بۆ دەرەوە"، نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی"، ئازادی، یەکسانی، حکوومەتی کرێکاری"، نەمان بۆ حکوومەتی ترۆریستی ئێران و زۆر دروشمی تر. لەمیانەی قسەوباس و خوێندنەوەی دەقەکان و دروشمدانەکاندا، سروودی شۆڕشگێڕانەی وەک " خیابان خرۆشاوە" بڵاو دەکرایەوە.

کاتژمێر 20/ 14ئاپۆرەی خۆپیشاندەران بە دروشمی پڕ بە گەروو و باندرۆڵی بەشانەوە، بە شەقامە سەرەکیەکانی شاردا بەرەو گەڕەکی "کایسانییەمی" و لەوێشەوە بەرەو سەفارەتی ڕژیمی ئیسلامی ئێران وەڕێ کەوتن. بە نزیکبوونەوە لە سەفارەت، دەنگی خۆپیشاندەرانی تووڕە و خاوەنهەست، هەر دەهات و بەرزتر دەبووە. لەبەردەم سەفارەتی ڕژیم و لەناو گەمارۆی ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیسی فەنلاند، بە ڕاگەیاندنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە یادی گیانبەختکردووانی ڕاپەڕینی شارەکانی کوردستان، بەرنامەی دووەم دەستی پێکرد. دوای یەکدەقیقە بێدەنگی گوێبیستی سروودی "خیابان خرۆشاوە"، هاوڕێ مەحەممەد کەلهوڕی (وەستا مەحەممەد) لەمەڕ ئامانج و مەبەستی مانگرتنی گشتی کوردستان و هەڵوێست و سیاسەتی کۆمەڵە

لەمبارەوە، قسەو باسێکی پێشکەش کرد. ناوبراو لە قسەوباسەکەیدا لەسەر گرنگی یەکیەتی و هاوپشتی خەڵکی مانگرتوو و ڕاپەڕیوی کوردستان و پێویستی هاوپشتی شارەگەورەکانی ئێران لەگەڵ مانگرتن و خرۆشانەکەی کوردستان داکۆکی کردەوە. هاوڕێ مەحەممەد بڕیار و بانگەوازی کۆمەڵەی لەمەڕ مانگرتنی گشتی کوردستانی بە هەڵوێستێکی ژیرانە و بەدەربەستانە و مێژووی نرخاند و مانگرتنی 16ی گەلاوێژی بە لاپەڕەیەکی درەخشان نرخاند لە مێژووی شۆڕشی کوردستان و کۆمەڵەدا.

ئینجا دواهەواڵەکانی مانگرتنی گشتی شارەکانی کوردستان و بڕیارنامەی پشتیوانی (یەکیەتی کرێکارانی مارکسیستی فەنلاند)ی لەلایەن بەڕێوەبەری بەرنامەوە خوێندرانەوە. لە درێژەی بەرنامەکەدا پەیامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران ـ حیکمەتیست لەلایەن کاک ئقبالەوە خوێندرایەوە. هەروەها کاک سالار سۆفی لەلایەن رێکخراوی ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد قسەوباسێکی پێشکەش کرد، کە تیایدا پشتگیری ڕێکخراوەکەی بۆ مانگرتنی گشتی کوردستان ڕاگەیاند. ئینجا هاوڕێ حسێن دارەتوو وەک هەڵسووڕاوێکی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق قسەوباسێکی پێشکەش کرد ، کە تیایدا لەسەر یەکیەتی ڕیزەکانی چەپی کوردستان و ناوچەکە پێی دادەگرت. لە کۆتاییدا کاک ڕەزا کەمانگەر وەک هەڵسوڕاوێکی کۆمۆنیست قسەوباسێکی پێشکەش کرد و لەگرنگی هاوکاری هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان دەدوا.

لە درەژەی بەرنامەکەدا هاوڕێ سۆران زەکی شیعرێکی دوورو درێژی پێشکەش کرد. شایانی باسە، کە خۆپیشاندانەکەی ئەمرۆی هێلسینکی، دووەم خۆپیشاندانی کۆمەڵە بوو کە تەنیا لەماوەی یەک هەفتەدا و بە پشتیوانی لە خەڵکی ڕپەڕیوی کوردستان لەم شارە بەڕێوە دەچوو. ئەم خۆپیشاندانە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پاڵتاڵکەوە بڵاو دەبووە. خۆپیشاندانەکە کاتژمێر 16/10 ئێوارە بە دروشمدان و بە سروودی ئینتەرناسیۆناڵ سەرکەوتووانە کۆتایی پێ هات.

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات ـ فەنلاند
72005/8/